سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

ژمارە: ١٢٦٥ لە ٢٠١٧/٣/١٣

## بڕیاری ژمارە (١٠١) ساڵی ٢٠١٧

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢هەموارکراو و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٣) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٢/٢١ بڕیاردرا بە:-

٧- ڕاسپاردنی گشت وەزارەت و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کە لە ماوەیەکی گونجاودا سەرجەم ڕاپۆرتەکانی شاندەکانیان و وێنەی ئەو دۆکیومێنتانە ئاڕاستەی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بکەن بۆ مەبەستی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕاپۆرت و دۆکیومێنتەکان ، و پێویستە لەسەر فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون بە ڕاپۆرتێك ئەنجوومەنی وەزیران لەم بابەتە ئاگادار بکاتەوە .

٨- دامەزراندنی داتابەیسێك لە فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کۆکردنەوە و هەڵگرتنی وێنەی سەرجەم ئەو دۆکیومێنت و ڕێککەوتننامە و یاداشتی لەیەکتر تێگەیشتنانەی کە لە میانەی سەردانی فەرمیی شاندەکانی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات ئەنجامدراون .

٩- گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە و بۆ داهاتووش بەردەوام دەبێت .

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران